# دوو سەرکردەی ناوداری کورد
# دەبنە پاڵەوانی ڕۆمانێکی ڕووسی

لێدوانی: حەمەفەریق حەسەن
www.hemefarik@yahoo.dk

لەسەرچاوەکانی دیجلەوە(عند منابع دجلة)، ناونیشانی ڕۆمانێکی ڕووسییە لەلایەن (ئێس. ڤی. ڤیگین)ەوە نووسسراوە. ساڵی 1927 لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران چاپکراوەو ساڵی 2003. لەلایەن(د. محمد البندر)ەوە بەعارەبی کراوە. (خانەی وەشانی سەرگۆن)لە وڵاتی سوید، ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی گرتۆتە ئەستۆ.

کات: سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەمەو شوێن: کوردستانە. هەرسێ نەتەوەی کورد، ئاشووری و ئەرمەن، کە هاوماڵن و سنوورەکانیان بەشێوەیەک بەیەکدا چوون، هەروا بە ئاسانی لێک جوداناکرێنەوە. هەرسێ لایان چاویان بڕیوەتە ئەو ڕۆژەی عوسمانلی لە جەنگەوە بگلێ و ئەمانیش دەرفەتی ڕزگارییان بۆ بخولقێ. هەر یەکەو تایبەتمەندی خۆی هەیەو لەم ڕۆمانەدا هاوبەندییان لەنێواندا نییە. بەڵکو هەندێ جاران کنە لەپرسی یەکدیدا دەکەن.

قەرەدەشت، گوندێکی ئەرمەنی نشینی نزیک شاری (وان)ە و بنەماڵەی فرامیان لەبابەلبابەوە لەوێ نیشتەجێن. ئێوارە وەختەیەک، لەو دەمەدا ڕان دەگەڕێتەوە دێ، قەرەدەشت دەکەوێتە بەر هێرشی لەناکاوی سوارەی چەکداری کورد. باب و دایکی فرامیانی دوانزەساڵە دەکوژرێن و( ئەشخن)ی خوشکی ، کەتەمەنی هەشت ساڵانە، وەک مێگەلی گوند بەتاڵان دەچێ. چونکە ئەرمەن غەیرەدینن، (پاشای وان) بەدەنگیانەوە ناچێ. ئەمریکاییەکانی لەشاری وان دەژین بەهانای گوندی کارەساتبارەوە دێن. کوژراوەکان دەنێژن و بریندارەکان بۆ تیمارخانەکەی لەمەڕ خۆیان دەگوێزنەوە. دواتر فرامیان دەگوێزنەوە هەتیوخانەی میشنەریی (التبشیریة)، کە لەپاڵ بانگەشەی ئاینیدا منداڵانی بێ سەرپەرشتیش بەخێودەکا. فرامیان منداڵێکی وریایە. لەپاڵ خوێندنی ئینجیلدا فێری زمانی ئینگلیزی دەبێ. چونکە لەهەموویان زیرەکترە، هەمان (الارسالیة التبشیریة) بۆخوێندنی زانکۆ و لەسەر ئەرکی خۆی، دەینێرێتە ئەمریکا. فرامیان خوێندن تەواو دەکات و دوای دووساڵان نوژداریی، لەنیسانی 1914دا دەگەڕێتەوە وان و لەگەڵ هەمان میشەنریدا کاردەکا. ئەم کەسێکی ئاینی نییەو دوو ئامانجی هەن: سۆراخی ئەشخنی خوشکی و چارەسەری نەخۆش، بێ گوێدانە ئۆل و نەتەوەیان. ئیدی لەگەڵ کیت، واتە (خاتو براون)ی ئەندامی میشەنری و چەند یاوەرێکدا بەرەو ناوچەکورد نشینەکان بەڕێدەکەون. سەفەریش بۆ زێدی کوردان و لەو ڕۆژگارەدا، جۆرێکە لەسەرەڕۆیی.

ئەوی ڕاستی بێ من هێشتا ڕۆمانم نەخوێندۆتەوە ئەمەندەی ئەمەی ڤیگین زانیاری لەخۆیدا کۆکردبێتەوە. دەوڵەمەندە بە مێژوو، کلتووری کورد و ئەرمەن و ئاشووری. پشت ئەستوورە بەوێنەی فۆتۆگرافی سەرخێڵ و زۆمی کوردان و گوند و ڕووبارو وێنەی مارشەمعون و سورمەخانی خوشکی و سەرخێڵ و چەکداری ئێزیدیان. قسەی خۆشمان بێ بەوەدا نووسەرەکەی تەواو ئاگاداری ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەم نەتەوانەیەو شارەزای جوگرافیاو مێژووویانە، خوا پێمنەگرێ پێدەچێ هەواڵچنی ڕووسیای تزار بووبێ.. هەرچۆنێ بێ، ڕۆمانەکە دەهێنێ زۆری لەسەر بنووسرێ و لەچەند لایەکەوە ڕۆشنایی بخرێتە سەر. بەڵام من ئەم نووسینە بەرەوڕووی هەفتەنامەی گوڵان دەکەمەوە، بۆیە لەم دەرفەتەدا هەر ئەوەندە بوار هەیە، ڕۆشنایی باوێژمە سەر تەنیا دوو سەرکردەی ناسراوی گەلەکەمان، کەبوونەتە پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە. ڕەوایە لێرەدا گلەییەکیش لەو ئازیزانە بکەم ساڵێ بەو عەیام خوێندنیان لەیەکێتی سۆڤیەت تەواو کرد و ئاگاداری ئەم کارەو گەلێ کاری دیکەش نەبوون، کەبە زمانی ڕووسی لەسەر کورد نووسراون!

سمکۆی شکاک و عەبدولڕەزاق بەدرخان:

ئەم دوو سەرکردە کوردەیەش لەپاڵەوانانی ڕۆمانەکەن. فرامیان بەربای گوێی کەوتووە، کە( ئەشخن)ی خوشکی زیندووە و لەکن کوردان دیلە. بەڕێکەوت لەو دەمەدا کاروانەکەیان دەگاتە زۆمەکانی عومەربەگی گەورە سەرخێڵی هەکاری، کە لە دەوروبەری هەکاری هەڵیداوە. بەسەر زەماوەنددا دەکەون. عومەر بەگ خۆی و ژنەکانیشی بە شانازییەوە بەمیوانەکان ڕادەگەیێنن، کە بووکەکەیان کچی سەرخێڵی شکاکە وبە ئیسماعیل ئاغای کوتور ناسراوە. کوتوریش دەکەوێتە سەر سنووری نێوان تورکیا و وڵاتی فارس. لە (ل/57)دا هاتووە: ئەم ئیسماعیل ئاغایەی وا نازناوی (سمکۆ)یە، ناچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی خانەدان (نبیل)و ڕەچەڵەکدار. بەڵام بەزیرەکی و ئازایەتی ناوبانگی ڕۆیشتبوو. لەو سۆنگەیەوە هەڵیدەکوتایە سەر ناوچەکانی دەوروبەر و پەیوەندیی بە(ڕووس)ەوە هەبوو، هەر ئەوانیش پارەو چەکیان دەدایە؛ بۆ تورکان ببووە مایەی دڵەڕاوکێ. سمایل ئاغای سمکۆ بەچاوێکی کەم دەیڕوانییە تورکان، چونکە تاکو ئێستاش عەبباسییەکانی بەشیاوو خاوەنی خیلافەتی ڕاستەقینە دەزانی. پێی وابوو ئالی عوسمان داگیرکەری خیلافەتن. هێشتا گوێڕایەڵیی ئەو بۆ وەچەکانی عەبباس بوو، کەخۆیان لەناوچە سەختەکانی چیاکانی بۆتان قایم کردبوو. عومەربەگیش خەونی بەو ڕۆژەوە دەبینی بە باشی خۆی پرچەک بکا، تاکو بتوانێ بەرتەکی پاشاکانی تورک بداتەوە.. ئەو بۆخۆی، بۆخوازبێنی کچی سمایل ئاغا تەشریفی بردبووە کوتور. داواشی لەهەوادارانی خۆی کردبوو نهێنی ئەم سەردانە بپارێزن. چونکە دەیزانی ژەنراڵەکەی والیی وان پێیقووت ناچی، ئەم لە کوردانی وڵاتی فارس نزیک ببێتەووە. وێرای ئەوەیش عومەربەگ بەوە تۆمەتبار کرابوو گوایە لەگەڵ عەبدوڕەزاق دا خەریکی هەڵبەستنی پردی پەیوەندییە ، کە لەتەفلیسەوە هاتبوو.. ناوبراو کوڕی یەزدانشێری بەناوبانگە، کە لەسەروبەندی جەنگی(قرم)دا شۆڕشی هەڵگیرساند و دەستی بەسەر هەموو ئەوناوچانەدا، کە کەوتوونەتە نێوان وان و بەغداوە گرت. ئەوی ڕاستی بێ عومەربەگ (عەبدولڕەزاق)ی لەکوتور بینیبوو. پێکەوە بەقورئان سوێندیان بۆ یەک خواردبوو دۆستی هەتاهەتایی بن. ئەمەیش هیوای ئەوەی بەعومەربەگ بەخشی، کوردان بەخێرایی لە کوردستاندا یەکدەگرن و تورکانی لێ وەدەردەنێن.

هەر لەم دەمەدا نامەیەکی لەپاشای وانەوە پێدەگات، کە ئەمە دەقەکەیەتی: (( عومەربەگی ئازیز سەرۆکی خێڵی هەکاری لەجۆڵەمێرگ، خودای گەورە بتانپارێزێ، لەسەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە هەندێ هەواڵم بەرگوێ کەوتووە، گوایە بەنیازی کچی سمکۆی کوتوری بەکرێگیراوی کافران بۆ ئیبراهیمی کوڕت بخوازی. هەروەها پێوەندیی دۆستانەت لەگەڵ عەبدولڕەزاقی ناپاکدا هەیە. چۆن دڵت هێنای خزمایەتیی کوردێکی کوتوریی ڕەچەڵەک نزم بکەی، کەناگاتە ئاستی گەورەیی و بەخشندەیی تۆ؟ ئەوێک، کە(فارسەکان) براکەیان لەتەورێز بەداردا کرد. ئایا ئەم کەسە شایانی پلەو مەقامی بەرزی تۆیە؟ ئایا ئەو شیاوی ئەو شەرەفەیە، کەتۆ پێیدەبەخشی؟ داخۆ بیرت لەوە کردۆتەوە، لە(بابی عالی)، لە ئەستانە چیت پێدەڵێن؟ بزانە منت دووچاری چ لەڕوودادامانێک کردووە؟ منی هاوڕێت. کە هەموو هەوڵێکی خۆی خستەکار تاکو نازناوی بەرزت پێببەخشن؟ تکات لێدەکەم ڕای خۆت بگۆڕەو بۆ دانوستان وەرە بۆلامان. ئاگادارم (سوڵتان بەگ)ی ناسراو، بەڕاستی دەخوازێ خزمایەتیت لەگەڵدا بکات و خوازیارە کچەکەی لەکوڕەکەت مارەبکا.. ئەگەر ئەرێت دا، ئەوا دیاریی بەنرخ بۆ زاواو بووکێ دەنێرم..))

عومەربەگی سەرخێڵی هەکاری، ئاوا وەڵامی والیی وان دەداتەوە: (( بۆ والیی وان بەکر سامی بەگی شەرکەسی بە ڕەچەڵەک قەوقازیی.. خوا کوردستان پایەدار کا. ئیبراهیم بەگی کوڕم کچی سەرخێڵی شکاکی ناسراوو بڵندپایەو ئەسڵزادە ئیسماعیل ئاغای کوتوری، ئازاترینی ئازاکان دەخوازێ. برای (جەعفەر). ئەو پیاوەی بەچاونەترسی ناسراوە، کە لەلایەن حاکمی تەورێزەوە. نەفرەتی یەزدان لەناوی، خیانەتی لێکرا. دەشزانم، کە ئیسماعیل بەگ، ئەوەندەی سوارچاکی زەبردەست هەن، ژمارەیان لەو پەزانە زۆرترە، کەباوکت لە(سیواس) بەبەرتیل و دیاریی کۆیکردنەوە. بابت لەکن کافران ژەنراڵ بوو. لەسەر دۆستایەتی ئەوان دەژیا. وەک هەموو ناپاکێک لەقەوقاس هەڵات. ئەگەر ڕاستگۆ نیم، فەرموو ئەمە عەرد و ئەمە گەز. هەوڵ بدە بەدرۆم بخەیتەوە! ڕێکەوتێکی باش بوو جەناب ئیدارەی کوردستانت گرتەدەست، کەیەک لەباری ئێمە

خاکێکی پیرۆزە. بەو دەستانەی بۆنی لیرەی زێڕیان لێدێ کاروبارەکانی بەڕێوە مەبە.. نامەکەتم خوێندەوە، بەڵام بەتەواوی نا. چونکە من ئامادەی زەماوەندی کوڕەکەت نابم، هەروەکو بۆ زەماوەندی کوڕەکەشم بانگهێشتت ناکەم. ئێمە گوێڕایەڵیی خۆمان بۆ سوڵتان، خەلیفەی موسوڵمانان، ڕادەگەیێنین. پارێزگاریی سنووری سوڵتان دەکەین و ئامۆژگاری و وشەی حاکمەکانی بەرز ڕادەگرین. بەڵام سەبارەت کردەوە و بێئاوەزیی هەندێ، کە وادیارە نیازیان خراپە، ئەوا ڕەشەبای چیاکانمان دەستەبەری ئەوەیە نەهێڵێ هەر گوێشمان لێیان ببێ! شکۆمەندیی بۆ خوداو پێغەمبەرەکەی. ئەگەر ئارەزووت لێیە، بابی عالی لەئەستانە، لەناوڕۆکی ئەم نامەیە ئاگادار بکەو لەوێوە چاوەڕوانی دەست لەکارکێشانەوەت بە.. ))

سەبارەت سمکۆ دەڵێ: کاتێ هێزەکانی ڕووس ڕژانە ولاتی فارسەوە سمکۆی دووربین لەوە تێگەیشت، کە خۆشی بێو ترشی بێ، دەبێ ئاشنایەتییان بکات. لەبەرامبەر ئەو ترش و تاڵانییەی لەولاتی فارس دەستی دابوویە، دەکرێ بەتاڵانیی ناوچەکانی بن دەستەڵاتی تورک قەرەبووی بکاتەوە. ئەم ئاکارەش وەهای لێکرد لەدیدی کوردەکانەوە وەک پاڵەوانێکی نەتەوەیی ناودەربکا. کاتێ ڕاپەڕینی دژ بەتورکان بەرپاکرد، یەک لەباری ڕووس، ئەمە وەهای کرد؛ هەرکاتێ جەنگ لەگەڵ تورکدا هەڵگیرسا، پشتی پێببەستن. وەک سەرەتایەک بۆ دۆستایەتییان، ڕووسەکان چەک و تەقەمەنییان پێدا. ژمارەیەکی زۆری کوردانیش، کە لەچوارقوڕنەی دنیاوە بەو هیوایەی لەتاڵان و بڕۆو پەلامارە بوێرانەکاندا دەستکەوتیان هەبێ هاتبوون، دایانە پاڵ هێزی سوارەی سمکۆ.. سمکۆش لەخۆشگوزەرانیدا دەژیاو دارا بوو. بەڵام لەدەوڵەمەندیدا نەدەگەیشتە عومەربەگ. سمکۆ میسری گۆشتی دەستەباڵا (متوسط القامة) بوو. جووتێ چاوی سەوزی پێوە بوو. دڵڕەقی و هەم بڕوا بەخۆبوونێکی توند و تیژیان تێدا دەدرەوشانەوە. کەمدوو بوو. هەوڵی دەدا ئەوپەڕی شکۆو گرنگیی، بەتایبەت لەگەڵ کوردەکاندا پیشان بدا. سمکۆ خێوەتگەی لەبان گردێکی بەرز و لەشوێنێکی چۆڵەوانیدا هەڵدابوو، زیاتر لەسەربازگەیەکی جەنگی دەچوو تاکو زۆمی ڕەوەندان. مۆسیک و سەمای کوردان لەوێندەرێ ڕمبەی دەهات و دەنگی دەدایەوە. لەباسی

عەبدولڕەزاق بەدرخان دا دەڵێ: بۆ ڕۆژی دواتر کاتێ فرامیان و کیت گەیشتنە کوتور، لە تەفلیسەوە (عەبدولڕەزاقی یاوەر)یش گەیشت. ئەو یاوەر و نازپێدراوی سوڵتان عەبدولحەمید بوو. نەوەی بەدرخانی بەناوبانگ. برازای ئەو (یەزدانشێر)ەی لەجەنگی (قرم)دا، توانی کوردان دژ بە سوڵتانی عوسمانلی یەکبخات. بەهۆی ئەوەی گومانیان لێ پەیداکرد کار بۆجیابوونەوەی کوردستان بکات، بەرەو ئەفریقا نەفییان کرد. بەڵام دوای چەرمەسەرییەکی زۆر، توانی هەڵێ. دوای ڕاگەیاندنی جەنگ لەنێوان ڕووسیاو ئەڵمانیادا، دووبارە لەتەفلیس سەری هەڵدایەوە. لەهزری عەبدولڕەزاقدا، بیرۆکەی دەرکردەنی تورک لەخاکی کوردستان، بەهاوکاریی ڕووسەکان و باڵادەستیی بەسەر کورداندا بنج و بناغەی داکوتابوو. ئەو خۆی وەک جێنشینی تەختی کوردان جاڕدابوو. بەکردەوەیش دەستەڵاتێکی زۆری لەکوردستاندا هەبوو. عەبدولڕەزاق لەناخەوە ڕکی لەئینگلیز دەبۆوە. ئەم ڕقەیش لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەوان لە ڕاپەڕینی پێشوودا پشتیان کردبووە کورد. لەکاتێکدا هەر خۆشیان بوون بۆ هەڵایساندنی ڕاپەڕین کوردیان هاندا.. عەبدولڕەزاق کەسێکی باڵابەرزی جەستە بتەوی هەنیەبەرز بوو. جووتێ چاوی دڕندە ئاسای هەبوو. خاوەنی زەردەخەنەیەکی تیژ و تەمەنی لەپەنجا لایدابوو. سەری بەشێوەیەکی زیویی سپی بوو. بەفەرەنسییەکی ڕەوان دەدوا. زۆر شارەزای کلتووری ئەوروپاییەکان بوو. سمکۆ بەشێوەیەکی تایبەت پێشوازیی لەعەبدولڕەزاق کرد. کوردەکان بۆ پیشاندانی مەزنیی ئەو، دەستیان ماچدەکردو دەچەمانەوە. ئەویش تەواو ئاسایی هەڵس و کەوتی دەکرد. سەرلە ئێوارە، عەبدولڕەزاق فرامیان و کیتی بۆ ڕەشماڵەکەی خۆی بانگهێشت کرد. میوەجات و براندیی پێشکەش کردن...

ڕۆمانەکە درێژەو ناکرێ زۆرتری لەسەر بڕۆم. لێرە بەدواوە عەبدولڕەزاق سیاسەتی خۆی و حەتمییەتی بەرپابوونی جەنگی نێوان ڕووسیای تزار و دەوڵەتی عوسمانییان بۆ باس دەکات. ڕۆڵی کورد لەم هەلومەرجەدا و چۆنێتی سوود بینینی کورد لەم دۆخە نوێیە بۆ میوانەکان ڕوون دەکاتەوە. بەدەم شیکردنەوەی بارودۆخەکەوە دەخواتەوە.. ئەم ڕۆمانە دەهێنێ بکرێ بەکوردی. ئێوەم نەمرن و بەهیوای دیدار.

سەرچاوە: عند منابع دجلة، تاليف: ئێس. ڤی. ڤیگین. ترجمة: د. محمد البندر، دار سركون للنشر ، الطبعة الاولى بالروسية: 1929، الطبعة الاولى بالعربية: 2003. سويد.